مەهاباد قەرەداغی

# لە کوردستان و لە عێراقدا چ ژنێک دەبێت بە ئەندامی پەرلەمان و بە وەزیر؟

دەیان پرسیاری تر هەیە سەبارەت بە مافەسەرەتاییەکانی ژن بکرێت، سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی دژوار و گوزەرانی سەختی، وەلێ من لە ئاخر پرسیارەوە دەستم پێکردووە، چونکە پرسیارێکی ئەکتوێلە و تازە حکومەتی کوردستان دامەزراوە و لەم ڕۆژانەدا حکومەتی عێراق دادەمەزرێت. هاوکات باسی دیموکراسی لە ئارادایە و هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی کە پێکهێنەری ئەم حکومەتانەن بە ئایدیالترین شێوە لەم بەهایە دەدوێن و، هەر سەرکردەیەکی عێراقی یان کورد وتارەکانیان بە دەستەواژەکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ژنان بە تایبەتی، دەڕازێیننەوە. ئەو دروشمانەی ئەوان جەختی لەسەر دەکەنەوە، ڕەنگە سەرکردە مۆدێرنەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، تەنانەت دوای ئەو گەشەسەندنە بەرچاوییەی بە دەستیان هێناوە لە بواری دیموکراسی لە وڵاتەکانیان، نەوێرن وا بە ڕەهایی و شانازییەوە باسی بکەن.

- با بنۆڕین ئەرک و مافی ژن لە دەرەوەی دروشمەکانی ناو وتاری سەرکردەکان و لەسەر زەمینی واقیعدا لە چ دۆخێکدایە؟!
- با بزانین لە کاتی کرداردا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تیۆرییانە دەکرێت کە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان و لە عێراق کردویانەتە پەیڕەوی ناوخۆیان و لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە سەدان جار دەوترێن و دەوترێنەوە!
- لەبەر گرنگی و جەوهەری بابەتەکە پرسیارەکە دووبارە دەکەمەوە. لە کوردستان و لە عێراقدا چ ژنێک دەبێت بە ئەندامی پەرلەمان و بە وەزیر؟

دەمەوێ بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەردە لە ڕووی کۆمیدیای دیموکراسی پیادەکراو لە سەر شانۆی سیاسی عێراق و کوردستان هەڵدەمەوە و، بە نومایشکردنی ئەو ئاستەنگییانەی کە لەبەردەم ژنی ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، دەنگی ژنانی بێ پشتیوان بە دنیا بگەیەنم.

من به دووربین نارپوانمه ئەم واقیعە، بەڵکە خۆم لەناویدا دەژیم و بە چاوەکانی و خۆم دەیبینم و لە ڕووانگەیەکی مافخوازانەوە واقیعەکە دەخوێنمەوە. ژنێکی بە تەمەن نیم، وەلێ لە چل ساڵی ژیانمدا بیست و شەش ساڵیانم لەنێو سیاسەت دا بەسەر برد و چ وەک نووسەر و چ وەک ڕۆژنامەنووس و پارێزەری مافی مرۆڤ لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بووم و سەدان ڕووداو ئەزموونی منیان پێکهێناوە. بۆیە ئەوەی من دەیڵێم جیاوازە لەوەی کەسانێ دەیڵێن کە بە ڕێکەوت دێن و ڕووکەشی ڕووداوەکان و بارودۆخەکە دەبینن، یان لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە بە دووربین دەڕوانن و بە چاویلکەی سیاسەت یان ئیدۆلۆژیایەکی تایبەت واقیعەکە دەخوێننەوە و هەڵدەسەنگێنن.

ئەوەی ژنێکی مافخواز، ئازادیخواز و یەکسانیخواز سەبارەت بە پێگە و جێگەی ژنان دەیڵێت جیاوازە لەوەی پیاوێکی بەرژەوەندیخواز سەبارەت بە ژن و ئازادی و مافەکانی ژن لە عێراق و لە کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەگەر جیهان دەیەوێت لەبارەی گەشەسەندنی دیموکراسی و چۆنێتی پیادەبوونی ماف و ئازادییەکانی ژن ڕاستییەکان بزانێت، پێویستە گوێ لە ژن خۆی بگیرێت، بەڵام نەک هەر ژنێک، بەڵکە ئەو ژنەئازادانەی کە بە چاوی خۆیان دەڕوانن و بە مێشکی خۆیان بیردەکەنەوە و بە زمانی خۆیان دەدوێن. ئەو ژنە ڕاستەقینانەی کە لە نابەرامبەرییەکان و هەڵاواردنەکان بێدەنگ نابن، تەنانەت لە هەر کەس و گروپ و حیزب و سەرکردەیەکیشەوە بێت.
ئێستا **25%** ی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ژن پێک هاتووە، هەتا ئێرە وێنەیەکی پۆزەتیڤە و ڕێژەیەکی باشە لە چاو وڵاتانی دەوروبەر.

- ئەم ڕێژەیە لە کوێوە هات؟

- ئاخۆ خەباتی ژن بیستوپێنج ساڵی دیکە دەیتوانی بیست و پێنج لەسەدی کورسییەکانی پەرلەمان لە پیاوان بستێنێتەوە.

وەڵامەکەی بۆ من ڕوونە. نەخێر نەیدەتوانی. ئەگەر ئەم ڕێژەیە هێزەکانی هاوپەیمان و لەپێش هەمووشیانەوە ئەمریکا نەیسەپاندایە بەسەر پیاوانی ئەم وڵاتە، لە دەستووری عێراقدا جێی نەدەگرت.

کەواتە ژنانی بەشخوراوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاڵ خەباتی خۆیانەوە پێویستیان بە هاوکاری هێزەکانی دنیایە، بۆ ئەوەی مافە مەدەنی و سیاسی و کلتوورییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

ئەگەر بڕیار وایە ئەمریکا نەخشەی سیاسی و کلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت و ئەڵتەرناتیڤی ڕژێمێکی دیموکراسی لە جێگەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بچەسپێنێت و، کلتوورێکی مۆدێرن و مەدەنی کراوە لە جێگەی کلتووری نامەدەنی وکۆنسێرڤاتیڤ و داخراو پێشنیار بکات، پێویستە هاوکاری ژنانی یەکسانیخواز بکات بۆ ئەو مەبەستە. چونکە یەکسانی بەردی بناغەی دیموکراسییە و، کۆڵەکەی مۆدێرنیتەیە.

عێراق تا سێ ساڵ لەمەوبەر وڵاتێک بوو لەسایەی دیکتاتۆریدا دەیناڵاند. لە ڕۆژی دروستبوونیەوە تا نۆی ئەپریلی **2003** لە سایەی حکومەتە تۆلیتارە یەک لە دوای یەکەکانەوە، کە دواهەمینیان سەددام حوسێن بوو، خەڵکی ئەم وڵاتە لە بەها مرۆڤایەتییە بایەخدارەکانی وەکو ئازادی، دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بێبەش بوون. بەشێکی کوردستانیش داگیرکراوی ئەم وڵاتە و، بەشێکی نەتەوەی کوردیش ژێردەستەی ئەو فەرمانڕەوا دیکتاتۆرانە بوون. نۆی ئەپریلی **2003** بۆ هەموو گەلانی عێراق ئەو ڕۆژە مێژووییە بوو کە وەرچەرخانی دروست کرد، ئەو ڕۆژەبوو کە ڕژێمی ترسناکترین دیکتاتۆری دنیا ڕووخا. هێزەکانی فرەگەزی هاوپەیمان لە پرۆسەی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەدا ڕۆڵی سەرەکییان بینی، یارمەتی ئەو گەلانەیان دا کە لەپێناوی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەدا ساڵانێکی دوورودرێژ خەباتیان کرد و ڕووباری خوێنیان دا. گۆڕەبەکۆمەڵەکان

بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری جینۆسایدن، کە ئەو ڕژێمە چۆن بەرخوردی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی کردووە.

لە دوای نۆی ئەپریلی **2003** ەوە باس لە ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسی دەکرێت بۆ عێراق و هەوڵ بۆ دیموکراتیزەکردن و مۆدێرنیزەکردنی حکومەت و دامەزراوەکانی مەدەنی دەکرێت. بەڵام کێ ئەمە دەکات؟ پێکهاتەی ئیتنیکی و، جوگرافی و، سیاسی و کلتووری عێراق هێندەئاڵۆز و دژوارە ، مینتالیتەی سەرانی پارت و ڕێکخراوەسیاسییەکان هێندە کۆنسێرڤاتیڤە، کە زەمینە بۆ گۆڕانکارییەکی جەوهەری خۆش ناکات. ململانێی نێوان هێزەسەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی لەسەر بنچینەی هەمان فیکری ڕەهاخوازە و ڕێککەوتن و پێکهاتنی نێوانیان بە میتودێکی بەناچاری دۆزراوەیە کە ناوی لێنراوە (تەوافوقی هێزە سیاسییەکان) و لەسەر بناغەی (ڕێژەی دەنگی هەڵبژاردنەکان)ە و، بە سیما دیموکراسییە، بەڵام بە ناوەڕۆک مافی چەندان چین و توێژی بێپشتیوانی کۆمەڵگەی تیا پێشێل دەکرێت، کە لێرەدا مەبەستمە باسی پێشێلکردنی مافی سیاسی ژن بکەم، وەک توێژێکی بێ پشتیوان لە نێو هێزگەلێکی کۆنسێرڤاتیڤ.

دوورناکەومەوە لە باسەکەم و، پرسیارەکە وەبیردەهێنمەوە. لە کوردستان و لە عێراقدا ڕێژەی بەشداری ژن لە پەرلەمان و لە حکومەتدا چەندە؟ لەوەش گرنگتر چ ژنێک ئەو ڕێژەیە پڕ دەکاتەوە و بە شایستەی ئەوە دەزانرێت ببێت بە ئەندامی پەرلەمان و بە وەزیر؟

حیزبەکان پەرلەمان و حکومەت پێک دەهێنن، ئەمە نۆرمێکی جیهانییە و، لێرەشدا پیادەدەکرێت. وەک گوتمان دەستووری عێراق ڕێژەی **25 %** ی بەشداری ژنی بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان چەسپاند، یان ڕاستتر وایە بڵێین سەپاند. بەڵام ئەم ڕێژەیە پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نەگرتەوە و، کابینەی حکومەت بە ئارەزووی سەرانی حیزبەکانی پێکهێنەری حکومەت دادەمەزرێ. با بزانین کاتێ ڕێژەیەکی دەستووری بەسەرداسەپێنراو نەبێت و کە بە ئارەزووی دڵی پیاوان بێت، ڕێژەی ژن لە حکومەتدا چەند دەبێت و، کێ هەڵدەبژێرن بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڕێژەیە.

چ له پەرلەمانی عێراق و چ له پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی بەشداری ژنان وەک چۆن له دەستووردا هاتبوو پیادەکرا. ئێستا لەو دوو پەرلەمانەدا **25 %** ی ئەندامانی، نوێنەرایەتی **50 %** ی کۆمەڵگه دەکەن.

ئەندامانی ژن له پەرلەماندا ئەندامانی حیزبگەلی دەنگئاوەری هەڵبژاردنەکانن، بەڵام زۆرینەی زۆری ئەو ژنانه به پێوەرێک هەڵبژێردراون که بەهاکانی دیموکراسی و یەکسانی ئەتک دەکات. تۆ بۆ ئەوەی ژن بیت و ببیت به ئەندامی پەرلەمان، پێویسته ئەندامی حیزبێک لەو حیزبانه بیت. ئەمه زۆر ڕەوایه وا بێت و مشتومڕ هەڵناگرێت و له هەموو دنیاشدا هەر وایه، بەڵام نەک هەر ئەوەندەیه، بەڵکه بۆ ئەوەی پێوەرەکه بتگرێتەوه پێویسته:

- کچی، یان خوشکی، یان ژنی یەکێک له سەرانی حیزبەکه بیت،
- ئەگەر ئەوانەش نەبووی، پێویسته خزمێکی باوەڕپێکراوی سەرانی حیزبەکه بیت.
- خوشکی، کچی، یان ژنی شەهیدێکی سەرکردەی ئەو حیزبه بیت. (چونکه شەهیدانی حیزبیش پلەی جیاوازیان هەیه و شەهیدانی سەرکرده پلەیەکن و ئەوانی دی پلەدوون)
- مەرج نییه شایستەی ئەو شوێنەی یان نا، مەرج نییه خۆت وەکو ژن خەباتت هەیه یان نا، بەڵام مەرجه به چاوی ئەوان ببینی و، به گوێی ئەوان ببیستی و، به زاری ئەوان بپەیڤی.

ئەم پێوەره له پەرلەمانی عێراق و کوردستاندا لەسەر زێدەتر له **90 %**ی ئەندامانی ژن بەکارهاتووه. ئەمه ڕاستییەکی ڕوون و بێزارکەره و دەرفەتی لەبەردەم ژنانی تری وڵات داخستووه له پیادەکردنی مافی خۆیان بۆ بەشداری کردن لەو ناوەندی بڕیاره گرنگەدا، زەوت کراوه. زۆر ژنی ئەکتیڤ لەناو کۆمەڵگەدا هەن و، خاوەنی بڕوانامه و، دیدی تایبەت به خۆیانن و ئارەزووی بەشدارییان هەیه له پرۆسەی سیاسی دا، وەلێ دەرفەت نادرێن.

له کوردستاندا، دوو حیزبی سەرەکی و چەندانی دیکەی بەشدار هەن له پەرلەمان و له حکومەتدا. بەڵام دیسانەوه به پێی پرنسیپی تەوافوقی نێوان هێزه سیاسییەکان پۆستەکان دابەش

دەکرێن و، لە پۆزشنەباڵاکاندا بەو پێیە کەسانێک (پیاوانێک)، نەک بە پێوەری زانایی و شایستەیی، بەڵکە بە پێوەری حیزبی بڕیاردەر، جێدەگرن. زۆر لەوان ئەو جێگەیەی کە دەیگرن زیاتر لە دەساڵ و بگرە زیاتر دەخایەنێت و، ئەگەرچی نابەڵەدی لە کارگوزاری و، گەندەڵیش لە بەڕێوەبردنیدا دەربکەوێت، ناگۆڕدرێت. ئەم دیاردەیە ژێرخانی کۆمەڵ وێران دەکات و سەرخانیشی دادەتەپێنێت. کەمی بەشدارکردنی ژن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و بە تایبەتی وەک وەزیر لە کابینەی حکومەت و وەک ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکان، جگە لەوەی سیمای نامەدەنی و نادیموکراسیانەی ئەو وڵاتەیە، هێمایەکیشە بۆ بەلاواز و بێئەقڵ لە قەڵەم دانی ژن لە لایەن سەرانی حیزبەکانەوە کە بڕیاردەرن لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕێژەیە و، لە دانانی ئەو پێوەرانەی کە ژنەکانی پێ هەڵدەبژێرن بۆ ئەو پۆستانە.

لە ڕووداوێکی مێژوویی نوێ و ناوەزەدا کە لەم ڕۆژانەدا و دروست لە **7-5-2006** دا لە کوردستاندا و، لە کاتی پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی (یەکگرتووی)کوردستاندا، بەڵگەیەکی زەق لەسەر ئەم پێشێلکارییەی مافەکانی ژن لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە هاتەدەست کە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و هەر بێدەنگییەک لە ئاستیدا دەبێتە سوکایەتی بە ژنانی کوردستان. لە کابینەی هەڵبێردراودا لە کۆی **42** وەزیر تەنها سێ ژن هەیە، کە یەک لەوان وەزیرێکی بێ وەزارەتە، کە ئەویش بە مانای وەزیری پاسیڤە و تەنها بە ناو وەزیرە. ئەم وەزیرە سەر بە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. دوو وەزیرە ژنەکەی دیکە سەر بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی بە پێی ئەو پێوەرە بوو کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ دابوو، واتە (کچی شەهید) کرا بە پێوەری هەلبژاردنی و دەرفەت بە هیچ ژنێکی تری ناو حیزبەکە نەدرا ئەو ڕۆڵە بگێرێت. ئەوەی سەیرتریشە لەم خاڵە ئەوەیە هەمان (کچەشەهید)ی پارتی کە لەم کابینەیەدا کرا بە وەزیر، پارساڵ بە هەمان پێوەر کورسییەکی لە پەرلەمان پێ بەخشرا و کرا بە ئەندام پەرلەمان، واتە ئەم کچەشەهیدە خاوەنی دوو کورسییە. کەموکوڕییەکی دیکەی پێوەری هەڵبژاردن بۆ وەزیرەکانی کابینەی حکومەت، هێشتنەوەی وەزیرەکۆنەکانە. ئەمەیان نەک تەنها بۆ وەزیرەژنەکەی دیکە، بەڵکە بۆ هەندێ لە پیاوەکانیش

پیادەکرا و، نەک هەمان وەزارەت بەڕێوەدەبەن، بەڵکە وەزارەتێکی دیکەی دوور لە پسپۆڕێتی ئەوەی پێشوو، کە ئەمەش لە زۆر ڕووەوە زیان دەگەیەنێت بە حکومەتی نوێ، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

یەکەم: قۆرخ کردنی وەزارەت بۆ یەک وەزیر و بۆ ماوەیەکی درێژ. کە لە دۆخی کوردستاندا هی وا هەیە دە ساڵە وەزیرە و ئێستاش کرایەوە بە وەزیر بە بێ ئەوەی لەو ساڵانەی پێشوودا دەستکەوت یان داهێنانێکی وای کردبێت کە خەڵک شاهێدی بۆ بدات، یان دیکومێنت کرابێت، یان هیچ نەبێت کەسایەتێکی سیمبۆلی نێو کۆمەڵگەبێت و بەو هۆیەوە و لەبەر نفوزی کۆمەڵایەتی یان کلتووری یان سیاسی دەستی پێوە گیرابێت و هێڵدرابێتەوە!!

دووەم: هێشتنەوەی وەزیری کۆن لە کابینەی نوێ، بە تایبەتی ئەگەر دیاردەی گەندەڵی جەستەی وەزارەتی پێشووی ئەو وەزیرەی تەنیبێتەوە، مانای برەودان و ڕەوایەتیدانە بە گەندەڵی ئیداری کە دەشێ ئەو وەزیرە هۆکاری بووبێ.

سێیەم: ڕاستە وەزیری کۆن شارەزایی سەبارەت بە بەڕێوەبردن هەیە و لە ڕووی ئیدارییەوە ڕەنگە سەرکەوتووانە کاری کردبێت، بەڵام کە وەزارەتەکەی دەگۆڕێت، مەرج نییە هەمان سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و، لەگەڵ گرووپی نوێی کاردا هەمان هاوئەهەنگی هەبێت، کە گرووپێکی جیاوازە لە ڕووی پسۆڕێتی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە.

چوارەم: دانانی وەزیری کۆن لە کابینەی نوێ، خۆی لە خۆیدا دەرفەتنەدانە بە خەڵکی تر بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، کە ئەمە مافی هەر هاوڵاتییەکە ببێت بە وەزیر و ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەر و هتد.

دیسانەوە دەبێت بگەڕێینەوە و بڵێین حیزبەکانی کوردستان کە بڕیاردەرن لە پرۆسەی سیاسی و بەشدارکردن یان نەکردنی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا، نەک تەنها کەموکوڕییان هەیە بەڵکە خەتابارن. سەرکردایەتی حیزبەکان ژنی تێدا نییە، ئەگەر یەک دانەش هەبێت، بە پێوەری (کەسوکار و خزمی سەران خۆیان یان شەهیدەکانی حیزب) دانراوە و مەرج نییە خاوەن

بیرورِای سیاسی، یان بۆچوونی تایبەتی خۆی بێت. بیرکردنەوەی کۆنسەرڤاتیڤی برِێکی زۆر لە سەرانی هەردوو حیزبی بنکەفراوان (پارتی و یەکێتی) ئەو واقیعەی سەپاندووە و لەناو یەکێکیاندا (ینک) تاقە یەک ژنیش نییە و، لەناو ئەویتریاندا (پدک) یەک ژن هەیە کە (خوشکی شەهێدێکە).

گرنگە لە تاریکی شەوەزەنگدا تاقە یەک مۆمیش هەبێت و، بەردیدەمان رِۆشن بکاتەوە. لەناو سەرکردایەتی هەمان ئەم حیزبانەدا چەند پیاوێکی پێشکەوتنخوازیش هەن، کە هانی هاتنەمەیدانی ژن دەدەن و هەوڵ دەدەن زەمینەیان بۆ خۆش بکەن، نموونەی (نێچیرڤان بارزانی) لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و، (د.بەرهەم سالْح) لە نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، رِەنگە یەک دووانی دیکەی تریش هەبن، بەڵام بەهۆی سەپاندنی رِای زۆربە لەنێو سەرکردایەتی حیزبەکانیان بەسەر ئەواندا، گرفتی رِاستەقینەیان بۆ دروست دەکەن لە پیادەکردنی بۆچوون و سیاسەتی خۆیاندا.

نێچیرڤان بارزانی، کە ئێستا سەرۆک وەزیرانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستانە، باوەرِی خۆی بۆ پرنسیپی یەکسانی جێندەر دەربرِیوە و تەنانەت باسی لە پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی کردووە. ئەو سیاسەتەی کە لە **8** ی مارسی ساڵی **2005** دا رِایگەیاند و، هەوڵی جیدی هەبووە بۆ رِیفۆرمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیش. ئەو دەخوازێ دەرفەت بۆ ئەو ژنانەش دروست بکات کە توانا و ئارەزووی بەشدارییان هەیە لە حکومەتدا، ئەگەر ئەندامی حیزبەکەیشی نەبن، بەڵام ویستی ئەو کە بە کردەوەش هەوڵی بۆی دا لەگەڵ ویستی (زۆربەی)پیاوانی تری نێو مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیدا یەکی نەگرتەوە و ئاکام زۆربە بەسەر ئەودا سەرکەوت و کابینەکەی لەرِووی بەشداری ژنەوە، هەم وەک رِێژە و هەمیش وەک پێوەری هەڵبژاردن بوو بە نموونەیەکی خراپ و سیمایەکی ناشارستانی دەنوێنێ.

ئەم ناهاوسەنگییە زەقەی کە هەیە، دەمانخاتە نێو ڕامانێکی قووڵە و لە پێناوی چاککردنی هەڵوێست و هەڵە سیاسییە زەقەکان و، بۆ یارمەتیدانی حکومەت و حیزبەکان بۆ چاکسازی، پێویستە پێشنیار و پرۆژەی کۆنکرێتمان هەبێت. کە هەندێکیان ئاماژەپێدەدەین:

- به جیهانیکردنی دەنگی ژنانی کوردستان و ژنانی عێراق، بە مەبەستی بانگەواز بۆ هاوکاری لە کاتی قەیران دا. ژنانی ئازاد و یەکسانیخواز پێویستە پشتگیرییەکی نێونەتەوەییان هەبێت لە بردنەپێشەوەی پرسی یەکسانیدا. پردێکی پەیوەندی لە نێوان ژنانی خەباتکاری یەکسانی و دەمودەزگا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی ژنان هەبێت. ئەگەر لە پەراوێزی جیهاندا بین، لە پەراوێزی کۆمەڵگەی خۆشیاندا دەبن، وەلێ ئەگەر بە جیهانەوە بەسترابنەوە و لە نێوەندی ڕووداوەکانی جیهاندا بن، لە کۆمەڵگەی خۆشیاندا حسابیان بۆ دەکرێت و دەهێنرێنە ناوەندەوە.
- وەک چۆن ڕێژەی **25 %**ی بەشداری ژن لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لە دەستووری عێراقدا بە هاوکاری ئەمریکا چەسپا. پێویستە ئەمریکا لە چەسپاندنی ئەم ڕێژەیە بۆ ناو کابینەی حکومەت و، سەرکردایەتی حیزبەکان و دامودەزگا سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیش بچەسپێنێ. مەرجی پەیوەندیکردن و دانوستانی سیاسی و ئابووری ببەسترێتەوە بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە و پابەندبوونی ئەو حیزبانە و حزبەکان بە مافەکانی مرۆڤەوە.
- ئەو کەسایەتی و سیاسەتمەدارانەی کە پشتیوانی لە پرسی یەکسانی دەکەن، لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتووی دنیاوە پشتیوانی بکرێن و هان بدرێن بۆ گەشەدان بەو هەڵوێستەی خۆیان. کەسێکی وەک نێچیرڤان بارزانی ، کە سیاسەتی یەکسانی لا پەسەندە و کار بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی دەکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتی پرۆسەی گەشەسەندنی دیموکراسی و مۆدێرنیزەکردن دەکات، کە ئەمەش لەگەڵ پلان و نەخشەی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا وێک دەکەوێتەوە و، یارمەتی یەکتر دەدەن.

- به پێچەوانەی ئەوەشەوە کەسانی دواکەوتوو، کە ئاستەنگ بۆ پێشکەوتنی فیکری سیاسی و کلتووری ئاشتی دەدەن، پێویستە تەریک بکرێنەوە و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ خۆیان و حیزبەکانیان ببڕدرێت.
- کلتووری سیاسی حیزبەکان پێویستە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا بێت و، زۆر بە شانازی و شەفافیەتەوە ددان بنرێت بە هەڵەیەک کە کراوە و، بەوپەڕی لەخۆبووردووییەوە چارەسەری هەڵەکان بکرێت. نەک تەنها پەیڕە و پرۆگرام، بەڵکە میتودی کارکردن و میکانیزمەکانی پیادەکردنی بەرنامەی حیزب بە ئاراستەیەکی سەردەمیانە گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت.
- کەسانی سەرکردە، کە خاوەنی کاریزمان و قسە و ڕەفتاریان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت، هانبدرێن بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن و یەکسانیخوازی. سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ و، سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان خاوەنی ئەو کاریزمایەن کە دەتوانن کاریگەری زۆر پۆزەتیڤ لەسەر کۆمەڵگە دابنێن ئەگەر وتار و کرداریان پێشکەوتنخوازانە بێت، خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش بێت، کاریگەرییەکەش پێچەوانە دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا، دەخوازم بێژم بە هوشیارییەکی تەواوە کار بۆ پرنسیپی یەکسانی دەکەم و، ڕەنگە کەسانێکی نەریتخواز نووسینێکی وا بە دژایەتی بزانن، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە خستنەگەڕی شەفافیەت و بوێرییەکە کە پێویستمان پێیەتی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و، کلتووری حیزبەکان و، سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات.

...

**2006/5/9**

کوردستان/هەولێر